## نەوتراوە مەلا فریشتەن، بەڵام... ! (2) ... مەلا یاسین مەلاعبداللە چۆمبارۆكی

قبولكردنی رەخنە بەگشتی، كارێكی قورسە! تاڵــە. !، كەم كەس توانای هەیە بە سینگێكی فراوان وبێ هەڵچوون وەری بگرێت (ئەمە لە رەخنەی راست ودروست، ئەگەر نا رەخنەی نا دروست هەر بڤەیە.. !) .

زۆر كەمن ئەوانەی بەرگەی پەلار بگرن ولە ئاست راستی بۆ چونەكانیان چۆك نەچەمێنن وبەشێوەیەكی رەوشت بەرز ودوور لە قسەی نابەجێ بەرگری لێ بكەن!.

ئەوجا ئەگەر ئەوانەی رەخنە قبول دەكەن كەمیینە بن، ئەوە ئەوانەی قبولی دەكەن وپاشان دان بە هەڵەكەیان دادەنێن زۆر كەمترن... !!

چونكە مرۆڤ بەردەوام ئارەزوی كەمالە، حەزی لە تەواوی و بێ كەموكوریە، وادەزانێت هیچ كەموكوری نیە، هەر لەبەر ئەم بیركردنەوەشە، توشی هەڵە دەبین ولە ئەنجامیشدا كێشە دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر دان بە هەڵەكانمان بنێین وهەوڵی چارەسەركردنی بدەین، ئەوە هیچ گیرو گرفتێك نامینێت.. !.

منیش لە گەڵ قسەی زۆر لە ئێوەم دەربارەی ئەوەی كە هەندێك مەلا رەخنە قبول ناكەن، بەڵام جەخت دەكەمەوە، ئایا رەوایە ئەمە (تعمـــیم) بكەین لەسەر هەمویان!!، كەش وهەوای ئێمە، بارودۆخی ئێمە، مەینەت ومەرگەساتەكانی بەسەر ئێمە هاتووە، گەورەترین كاریگەرییان هەبووە بۆ سەر هزرو بیركردنەوەی ئێمە، لە (95%) ی میللەتی ئێمە توانای قبولكردنی تەواوی رەخنەی نیە، زانایانی ئایینیش بەشێكن لەو میللەتە.

بەڵام كەسانێك وابیربكەنەوە كە (مەلایان وا پەروەردە كراون، كە نابێت كەس پیرۆزیەكانیان پێشێل بكات) ئەم لێكدانەوەیە هەڵەیە.

من دەپرسم.... ئایا (مەلا) یان كێ پەروەردەی كردون!؟ وە ئایا بۆ چیش پەروەردە كراون.. !؟

ئەو دایك وباوكانەی كورانی كوردستانیان پەروەردە كردووە، هەمان جۆری ئەو دایك وباوكانە بوینە كە (مەلا) یەكانیان پەروەردە كردوون. !

بەڵام بە جیاوازییێك.... .. ئەویش پەروەردەی (مەلا) لە حوجرە سەربەرزەكانی كوردستان بووە! ئەو حوجرانەی بەردەوام هەوێنی دینداری ونیشتمان پەروەری بوونە!ئەو حوجرانەی دەتوانن (نـــاز) بەسەر هەموو قوتابخانەو زانكۆكان بكەن كە (سەردەمێك ئەوان تاكە تروسكایی وروناكی بوونە وسەدان گوندو شاری ئەم كوردستانەیان رۆشن كردووە، تاكە بنكە بوونە سەدان سەركردەو پاڵەوانی بەرهەم هێناوە... !.

مەلای كورد.... . بۆ ئەوە پەروەردە كراوە، خزمەت بكات، خەبات بكات بۆ ئایین ونیشتمان، ماندوو ببێت وبێ نان وئاوو بێ جل ببێت، توشی سەدان كۆسپ وهەوراز ببێت، ئەزیەت وئەشكەنجە بدرێت.... .... ، بەڵام نەوەستێت لە خزمەتكردنی ئایین، وڵات، خەڵك، ماوەی كاركردنی شەوو رۆژە، پشوی نیە (خەڵك كە پشوو دەدات رۆژی هەینی، ئەو لە هەموو رۆژەكانی تر ماندو ترە) ، خەڵك پەروەردە بكات، كێشەی خەڵك چارەسەر بكات، خێزان بۆ خەڵك دروست بكات.... . هتد.

ئەمە كاری زانایان بووە (جا یەكێك لەمە لابدات وپێچەوانەی ئەم كارانە هەڵسوكەوت بكات، ئەوە نەك هەر زانا نیە، بەڵكو دژی ئایین وزانایانە!) .

مەلای كورد.... .. كە سەرتاپای ژیانی تەرخانكردووە بۆ خزمەتی ئەم ئایین ووڵاتە چۆن بەراورد دەكرێت لە گەڵ كەسانێك كە هەر رۆژەو لە باوەش وسێبەری یەكێكن!!!؟

مەلای کورد.... کە نانە رەقەی لە گەڵ میللەتەکەی کەرت دەکردو هاوغەم وهاو دەردیان بوو، چۆن بەراورد دەکرێت لە گەڵ کەسانێك ژیانی نەرم ونیانی بەهەشتیەکەی ئەوروپایان پێ باشترو ئەولا تر بوو... !!؟

مەلای کورد.... . کە بەشی هەر دەربەدەری وئاوارەیی بووە لە گەڵ میللەتەکەی ولەسەر میللەتەکەی، چۆن بەراورد دەکرێت لە گەڵ کەسانێك کە بێچگە لە ئاوارەیی هەندەران، غوربەت ودوورە وڵاتیان نەدیووە... !!؟

مەلای کورد.... کە لە شاخ چەك لەسەر دەست و لەسەر دوانگەش گیان لەسەر دەست بووە لەسەردەمی رژێم، چۆن بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسانێك کە سەرچۆپی گری رژێم بوون وئیمرۆش خۆیان بە دڵسۆزترین کەس نیشان دەدەن ولە کاتی نوسینیش گەر بێ رێزیێك نەنوێنن بەرامبەر خواو پیامبەرەکەی وزانایانی ئایینی، ئەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە... !!

بەرێزانم.... . ئەمە حەقیقەتێکە دەبێت هەموومان بیزانین ولە زانینیشی خۆمان لانەدەین.!
هەرچی ملی دەگری خۆی پێ زانایە لە بوارێك.... . من دەپرسم زانا کێیــە!!؟ ئاینێك کە هەزاران ساڵە کورد بە فرچك وەریگرتووەو هەردەم بەرگریشی لێ کردووە، کەسێك قیت بێتەوەو خەڵکی لێ دووربخاتەوە، ئایا ئەمە زانایە.. !؟

کەسانێك هیچ حیساب بۆ هەستی 97%خەڵکی کوردستان نەکەن وبەبێ پەردەوبێ شەرمانە بێ رێزی بەرامبەرهەموو پیرۆزیەکانیان بکەن لە نوسین وکۆرو قسەکانیان، ئایا ئەمانە زاناو چاو ساغ و (مجـــــــدد) ەکانن... !!؟

زانا ئەو کەسەیە خوا بناسێت... !وخزمەتی خاك وخەڵکی خۆی بکات. نەك بەو زانینە ماف پێشێل بکاو خەڵك لێك بکات.

زۆری وەکو ئەو هەندێ نوسەرانە هەوڵیان وداوئەوەی لە توانایان هەبوو درێغیان نەکرد، بەڵام سەرەنجامیان هەر دۆراوی وشەرمەزاری بوو، هەر وەکو چۆن ئێستا نامۆو دۆراون.... !!!

Chombarok_2006@yahoo. com